دکتورسالح ئیبراهیمی



# سوورەی مەریەم ٩٨ ئایەتە

**سوورەی مەریەم لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٩٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

کاف، ها، یا، عەین، صاد، (وتوویانە زانستی جەبر لەم پیتە لەتلەتانە سازدراوە.) ﴿١﴾ باسی چاکەی پەورێنەرتە سەبارەت بە زەکەریای عەبدی خۆی ﴿٢﴾ لەو دەمەی وا بە دەنگێکی نزم و نەوی هاواری لە پەروەرێنەری خۆی کرد (قورطبی ج ٦ شەپۆل) ﴿٣﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! ئێسکم سیس بووە و لەبەر (دەردی) پیری، مووی سەرم بەرق ئەداتەوە، ئەی پەروەرێنەرم! لە پاڕانەوەی خۆم لە تۆ بێ هیوا نەگەڕاومەتەوە ﴿٤﴾ من سەبارەت بە کەس‌وکارم دوای مردنم ترسم هەیە (کە دینی تۆ ڕانەگرن) و خێزانم نەزۆکە، جا بە قودرەتی خۆت منداڵێکی چاکم پێ بدە ﴿٥﴾ کە میراتگری من و بنەماڵەی یەعقووب با ئەو بێ، جێی ڕازی بوونی تۆیش بێ ﴿٦﴾ ئەی زەکەریا! ئێمە بە منداڵێک مزگێنیت پێدەدەین کە ناوی یەحیایە، کوڕێک کە بەر لەمە ناوی وا نەبووە ﴿٧﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! چلۆن کوڕم دەبێ، لە حاڵێکدا ژنەکەم نەزۆکە و خۆیشم لەبەر پیری بێهێز کەوتووم ﴿٨﴾ وتی: پەروەرێنەرت وای فەرمووە (و ئیرادەی کردووە)، ئەمە بۆ من ئاسانە، من لە پێشدا تۆم خەڵق کرد و شتێ نە بووی ﴿٩﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم! نیشانەیەکم بۆ دابنێ، فەرمووی: نیشانەی تۆ ئەمەیە کە سێ شەو و ڕۆژ زمانت بۆ قسە کردن (لەگەڵ خەڵک) ناگەڕێ، بێ‌وەی هیچ وەیێک و ئازارێکت هەبێ؛ یا کەچی زمانیشت ساغە ﴿١٠﴾ جا ئەو لە میحرابی عیبادەتەوە هاتە دەرێ بۆ لای هۆزەکەی بە هێمایە ئەوانی تێگەیاند کە بەیانان و ئێواران هەر بێخەوشی و پاکی خوا بڵێن (و بڵێن: خوا بێخەوش و پاکە) ﴿١١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەی یەحیا! ئەم کتێبە (تەورات) پڕ بە هێز بگرە، ئێمە لەکارزانیمان لە منداڵییەوە پێدا
﴿١٢﴾ لەگەڵ دڵسۆزی و بێگەردی لە لایەن خۆمانەوە (ڕۆح و کردەوەمان پاک کرد؛ چونکا)
خۆپارێز و لەخواترس بوو ﴿١٣﴾ سەبارەت بە باوک و دایکی چاک بوو، لاساری و سەربزێوی
نەبووە پیشەی (خۆ بە زل زان) و ملبادەر و خۆنەگر و تاوانبار نەبوو ﴿١٤﴾ سەلامی لێبێ
ڕۆژێ کە لە دایک بوو و ڕۆژێ کە ئەمرێ و ڕۆژێ کە زێندوو دەکرێتەوە (و حەشر دەکرێ)
﴿١٥﴾ لەم کتێب (قورئان)ـەدا یادی مەریەم بکە، ئەو دەمەی کە لە خانەوادەی جیا بۆوە و لە
لای خۆرهەڵاتی (بەیتولموقەدەس) جێگیر بوو ﴿١٦﴾ پەردەیەکی لە نێوان خۆی و ئەواندا
ڕایەڵ کرد، لەو دەمەدا ڕۆحی خۆمان ناردە لا، جا بۆ ئەو خۆی کرد بە وێنەی مرۆڤێکی تەواو
﴿١٧﴾ (ئەو ترساو) وتی: لە (ترسی) تۆ پەنا دەبەمە بەر خوای بەخشەر، ئەگەر خۆپارێزی
(نیزیکم مەکەوە) ﴿١٨﴾ وتی: من تەنیا ڕاسپاردەی پەروەرێنەرتم، (هاتووم) تا کوڕێکی پاکت
پێ ببەخشم ﴿١٩﴾ وتی: جا چلۆن کوڕم دەبێ، کەچی تا ئێستا کەس دەسی لێ نەداوم و ژنێکی
داوێنپیس و داوێنتەڕ نەبووم؟! ﴿٢٠﴾ وتی: قسە ئەمەیە کە پەروەرێنەرت فەرموویەتی: ئەم
کارە بۆ من ئاسانە، ئێمە دەمانەوێ بیکەینە نیشانەیەک بۆ خەڵک و ڕەحمەتێک بێ لە لایەن
ئێمەوە؛ ئەمە کارێکە کراوە (جێی قسە لێکردنی بۆ نەماوە) ﴿٢١﴾ جا (سەرئەنجام مەریەم)
دووگیان (زگی پڕ) بوو بێچوو لە نێو تۆمدانیدا گوورا و بەو زگەوە خۆی گەیاندە جێگایەکی
دوور (لە شاری ناسرە) ﴿٢٢﴾ جا ژانی زان ئەوی بۆ لای بنە دارێکی بڕاو ڕاکێش کرد، (لەبەر
پەرێشانی) وتی: خۆزگە بەر لەمە مردبام و لە بیر بچووبامەوە! ﴿٢٣﴾ جا لە خوار پێیەوە
(جوبرەئیل یا عیسا) هەرای لێکرد: خەفەت مەخۆ، پەروەرێنەرت زنە و جۆگە ئاوێکی
پێکهێناوە ﴿٢٤﴾ کۆتەرەی ئەو دار خورمایە بۆ لای خۆت ڕاوەشێنە و بیتەکێنە، تا خورمای
پێگەیشتووی تەڕ و تازەت بۆ بوەرێنێ ﴿٢٥﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



جا (لەو خورمایە) بخۆ و (لەو ئاوە) بخۆوە و چاوت (بەو منداڵـە: عیسـا) ڕوون بـکەوە، جا هەرکاتێ کەسێکت دی (بە ئیشارە) پێـی بڵـێ: بـۆ (خـوای) بەخشـەر ڕۆژووم لە خـۆم گرتـووە (نەزرم کردووە) و بەڕۆژووم، لە ئاخەفتن بتکەمەوە، جا ئەمڕۆ لەگەڵ کەس قسە ناکەم ﴿٢٦﴾ جا (مەریەم) ئەوی گرتبووە باوەش و بەرەو لای هـۆزەکەی هێنـای، وتیـان: ئەی مەریەم! کـارێکی سەمەرە و دزێوت کردووە ﴿٢٧﴾ ئەی خوشکی هاروون! نە باوکت خراپ (و داوێنپیس) بوو، نە دایکیشت بەدکارە بوو ﴿٢٨﴾ جا (مەریەم) هێما و ئیشارەی بەو (عیسـا) کـرد، وتیـان: چلـۆن لەگەڵ ساوا و منداڵێکی نێو لانک و بێشکە بئاخێوین و قسە بکەین؟! ﴿٢٩﴾ (لەناکاو عیسـا بە زمان هات) وتی: من بەندەی خوام، کتێـب (ئینجیـل)ی بە خەڵات پـێداوم و منـی کـردۆتە پێغەمبەر ﴿٣٠﴾ لە هەرکوێش بم پێوەقەدەممی پیرۆز کردووە و ڕایسپاردوم هەتا زیندووم نوێژ بکەم و زەکات بدەم ﴿٣١﴾ بۆ دایکم چاک بم و نەیشـیکـردووم بە سـەربزێو و یـاخی و زۆردار و بێئاکاری نەکردووم ﴿٣٢﴾ سەلام (ی خوا)م لێ بـێ ڕۆژێ لە دایـک بـووم و ڕۆژێ کە دەمـرم و ڕۆژێ کە زیندوو دەبمەوە ﴿٣٣﴾ قسەی ڕاست و دروست لەبـابەت عیسـای کـوڕی مەریەم هەر ئەوەیە کە ئەوان تیا دوودڵن ﴿٣٤﴾ نەبووە و ناشبێ خوا منداڵی هەبـێ، خـوا پـاکە، هەرکـاتێ (بیەوێ) کارێ بکا، دەفەرمێ: ببە و ئەویش دەبـێ ﴿٣٥﴾ بەڕاسـتی خـوا پەروەرێـنەری مـن و ئێوەیە، جا بیپەرستن، ئەمەیە ڕێگای ڕاست ﴿٣٦﴾ بەڵام (دوای عیسـا) هەنـدێ لەو دەسـتە و تاقمانە لە نێو خۆیاندا جیاوازییان سازدا، جا واوەیـلا بـۆ ئەو خوانەناسـانە لە وەختـی دیتنـی ڕۆژی گەورە (حەشـر) ﴿٣٧﴾ (لەو ڕۆژەدا) کە دێـنە لامـان چەنـد چـاک دەبیسـن و چەن چـاک دەبینن، بەڵام ئەمڕۆ ناحەقەکان لە لارێیەکی دیاردان ﴿٣٨﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانە لە ڕۆژی داخ و کەسەر (ڕۆژی بەرێ کە هەموو کەس خەفەتبارە) بترسێنە، کاتێ کە کار لە کار ترازاوە، لە حاڵێکدا هێشتا ئەوانە لە غەفلەت و بێئاگاییدان و بڕوا ناهێنن ﴿٣٩﴾ بەڕاستی ئێمە زەوی و تەواوی ئەوانە وا لەسەر زەوین، بە میرات ئەیبەین و هەموو بەرەو لای ئێمە دەگەڕێندرێنەوە ﴿٤٠﴾ لەم کتێبەدا یادی ئیبراهیم بکە کە زۆر ڕاستبێژ و پێغەمبەری خوا بوو ﴿٤١﴾ وەختێ بە باوکی خۆی وت: ئەی بابە! بۆچ شتێک دەپەرستی کە نابیسێ و نابینێ و ناتوانێ بێنیازت بکا ﴿٤٢﴾ ئەی بابە! زانست و زانیارییێکم بۆ هاتووە کە بۆ تۆ نەهاتووە، جا بە دوام کەوە تا بتخەمە سەر ڕێگای ڕاست و دروست! ﴿٤٣﴾ بابە! شەیتان مەپەرستە، شەیتان لە فەرمانی (خوای) بەخشەر نافەرمانی و سەرپێچی کرد ﴿٤٤﴾ بابە! بەڕاستی من لەمە دەترسم کە عەزابێ لە لایەن خوای بەخشەرەوە بگاتە تۆ، جا لە ئاکامدا ببیتە دۆستی شەیتان ﴿٤٥﴾ وتی: ئایا ئیبراهیم تۆ لە خوایانی من وەڕەز و جاڕز و بێزاری؟ ئەگەر (لەم کارە) دەس هەڵنەگری بەردبارانت دەکەم، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لێم دوور بە ﴿٤٦﴾ (ئیبراهیم) وتی: سەلام لە سەر تۆ بێ، من لە پەروەرێنەرم داوای لێبوردنت بۆ دەکەم، بەڕاستی خوا سەبارەت بە من فرە دڵاوێنە ﴿٤٧﴾ لە ئێوە و ئەوەی لە غەیری خوا هاواری لێ دەکەن دووری دەکەم و هاوار بۆ پەروەرێنەرم دەبەم و هیوادارم هاوار و بانگم بێوەڵام نەمێنێ ﴿٤٨﴾ جا کاتێ لەوان و لە غەیری خوا کە دەیپەرستن، خۆی لادا، ئیسحاق و یەعقووبمان پێ بەخشی و هەموومان کردنە پێغەمبەر ﴿٤٩﴾ بەر بەزەیی خۆمان خستن و ناونیشانمان بە چاکە بەرز کردەوە ﴿٥٠﴾ لەم پەڕاوە (ئاسمانییەدا) یادی مووسا بکە، بەڕاستی ئەو هەڵبژاردە و ڕەوانەکراو و پێغەمبەر بوو ﴿٥١﴾

ئێمه ئه‌ومان له لای ڕاستی (کێو)ی تووره‌وه بانگ کرد و نێزیکمان کرده‌وه و تا به نهێنی حاڵی بکه‌ین ﴿٥٢﴾ به ڕه‌حمه‌تی خۆمان هاڕوونی برایمان که پێغه‌مبه‌ر بوو پێ به‌خشی ﴿٥٣﴾ له کتێبدا یادی ئیسماعیل بکه، به‌ڕاستی ئه‌و له به‌ڵێنه‌کانیدا ڕاستبێژ و پێغه‌مبه‌ر بوو ﴿٥٤﴾ ئه‌و هه‌میشه فه‌رمانی به بنه‌ماڵه‌ی خۆی بۆ نوێژ کردن و زه‌کاتدان ئه‌دا، ئه‌و هه‌میشه‌ش لای په‌روه‌ریێنه‌ری جێی ڕه‌زامه‌ندی بوو ﴿٥٥﴾ له‌م کتێبه‌دا له ئیدریس(یش) یاد بکه، به‌ڕاستی ئه‌و زۆر ڕاستبێژێکی پێغه‌مبه‌ر بوو ﴿٥٦﴾ ئێمه ئه‌ومان گه‌یانده پله‌یه‌کی به‌رز ﴿٥٧﴾ ئه‌وانه که‌سانێک بوون که خوا ناز و نیعمه‌تی پێدابوون، له پێغه‌مبه‌ران، له منداڵانی ئاده‌م و له که‌سانێ که له‌گه‌ڵ نووح سواری گه‌میمان کردن و له زارۆکی ئیبراهیم و ئیسرائیل (یه‌عقووب)، له‌وان که ڕێنوێنیمان کردن و هه‌ڵمانبژاردن، کاتێ نیشانه‌ی خوای ڕه‌حمانیان به‌سه‌ردا ده‌خوێندراوه ده‌که‌وتنه کورنۆش، له حاڵێکدا که سوژده‌یان ده‌برد و ده‌م به گریان بوون ﴿٥٨﴾ جا دوای ئه‌وان منداڵانی ناچاک و ناشیاو بوونه جێگیریان که نوێژیان زایه کرد، له نوێژیان نه‌ده‌پرسی و به دوای ئاره‌زوودا ڕۆیشتن، به‌م زووانه تووشی ئازار و خه‌سار ده‌بن ﴿٥٩﴾ مه‌گه‌ر ئه‌وانه‌ی که له تاوان بپرینگێنه‌وه و پاشگه‌ز ببنه‌وه و بروا بێنن و کرده‌وه‌ی چاک بکه‌ن، جا ئه‌مانه ئه‌چنه به‌هه‌شت و هیچ جۆره سته‌مێکیان لێ‌ناکرێ ﴿٦٠﴾ باغگه‌لێکه خۆش له نه‌دیده، که خوای دلۆڤان به‌ڵێنی ئه‌ویی به به‌نده‌کانی خۆی داوه‌،، به‌ڕاستی به‌ڵێنی خوا هه‌ر دێته دی ﴿٦١﴾ ئه‌وانه قه‌ت بێجگه له سه‌لام قسه‌ی قۆڕ و بێ‌جێ و چه‌ڵته‌ی لابه‌لا له به‌هه‌شتدا نابیسن، هه‌موو به‌یانان و ئێواران ژه‌میان له‌وێدا بۆ هه‌یه ﴿٦٢﴾ ئه‌مه به‌هه‌شتێکه که به میرات به به‌نده‌کانی خۆپارێزی خۆمانی ئه‌ده‌ین ﴿٦٣﴾ ئێمه (مه‌لائیکه) نانێرینه خوارێ مه‌گه‌ر به فه‌رمانی په‌روه‌ریێنه‌رت، ئه‌وه‌ی که له پێشمانه‌وه دێ و ئه‌وه‌ی که له پاشمانه و ڕابردووه و ئه‌وه‌ی که له نێوان ئه‌م دووانه‌دایه، ته‌نیا بۆ خوایه، په‌روه‌ریێنه‌رت قه‌ت هیچ شتێکی له بیر نه‌چووه ﴿٦٤﴾

(هەر ئەوە) ڕاهێنەری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوان ئەم دووانەدایە، جا ئەو بپەرستە و بۆ پەرستنی خوا خۆڕاگر بە، ئایا ئاگات لێیە هاوناوێکی هەبێ ﴿٦٥﴾ مرۆ دەڵێ: ئایا دوای مردن لە داهاتوودا (لە قەبر) زیندوو دێمە دەرێ ﴿٦٦﴾ ئایا ئینسان بیر ناکاتەوە کە ئێمە ئەومان بەر لەمە خەڵق کرد، لە حاڵێکدا کە شتێک نەبوو ﴿٦٧﴾ جا سوێند بە پەروەرێنەرت هەموو ئەوانە لەگەڵ شەیتانەکان پێکەوە کۆیان دەکەینەوە لە پاشان دەوراندەور لە جەهەندەمدا حازر بکرێن بە چۆکدادراوی ﴿٦٨﴾ لە پاشان لە هەر دەستەیێ کەسانێ کە لە هەمووان لە بەرانبەر خوای بەخشەردا یاغیتر بوون، جیا دە کەینەوە ﴿٦٩﴾ (بزانە) ئێمە بەو کەسانەی کە (بۆ سووتان) لە نێو ئاگری جەهەندەمدا شیاوترن هەر خۆمان ئاگا و زاناترین ﴿٧٠﴾ هیچ کەس لە ئێوە نییە مەگەر تووشی ئەو (جەهەندەم) ئەبێ، ئەمە فەرمانێکە لە پەروەرندەتەوە!! هەر دەبێ جێبەجێ بکرێ ﴿٧١﴾ لە پاشان لەخواترسەکان ڕزگاریان دەکەین، ستەمکاران بە دەسەوئەژنۆ لەوێدا دێڵینەوە ﴿٧٢﴾ هەرکاتێ کە نیشانانی دیاریدەری ڕوونی ئێمەیان بۆ بخوێندرێتەوە کافران بە بڕواداران دەڵێن: کامە لا لەو دوو تاقمە (ئێمە و ئێوە) جێگەی باشتر و دیوەخانی لەبانترە؟! ﴿٧٣﴾ ئای چەن بەرەمان پێش ئەوان لە ناو بردووە کە لەوانە کەلوپەلی ناوماڵ ڕێکتر و بەدیمەنیش لەوان ڕازاوەتر بوون! ﴿٧٤﴾ بڵێ: کەسێ کە لاڕێیە، تا بەڵێنی خوا بە چاو دەبینێ، خوا قەیرانی بۆیان داناون و مۆڵەتی پێ ئەدا، جا یا عەزابی ئەم دنیا یا هی ئەو دنیا (دەبینێ)، جا ئەو ڕۆژەیە کە دەزانێ چکەسێ جێگای خراپترە و چ کەسێ سپای بێهێزترە؟ ﴿٧٥﴾ ئەو کەسانەی خودا شارەزای کردوون پتر شارەزایان دەکا پەروەرندەت بۆ خێرێ کە دەمێنێتەوە، پاداشی باشتر هەیە و سەرەنجامیشی باشترە ﴿٧٦﴾

دکتور ساڵح ئیبراهیمی



ئەو مرۆیەت دی لە نیشانەکانی ئێمە حاشای کرد و گوتی لێم ڕوونە ماڵ و منداڵێکی زۆرم پێ ئەدرێ ﴿٧٧﴾ ئایا ئەو لە ڕازی نادیار و نهێنی ئاگادار بووە، یا لای خوا پەیمان و بەڵێنی وەرگرتووە؟ ﴿٧٨﴾ قەت وا نییە، ئێمە لە دواییدا ئەوەی ئەو دەیڵێ، دەینووسین و عەزابی لەسەر بەردەوام دەکەین! ﴿٧٩﴾ ئەوەی ئەو دەیڵێ (لە ماڵ و مناڵ) بە میرات لێی وەردەگرین و تاک و تەنیا دێتە لای ئێمە ﴿٨٠﴾ ئەوانە بێجگە لە خوا بتگەلێکیان (بۆ خۆیان) هەڵبژارد تا بۆ ئەوان ببنە هێز و پشتیوان ﴿٨١﴾ قەت وا نییە، (لە قیامەتدا) بتەکان حاشا لە پەرستنی ئەوان دەکەن، بە دژی ئەوان ڕادەوەستن ﴿٨٢﴾ ئایا نەتزانی کە ئێمە شەیتانەکانمان ناردە سەر خوانەناسان تا بیانتاوێننەوە و ڕایانتلەکێنن؟ (ازا: هزاّ کولان، گۆران، ژێر و ڕوو بوون) ﴿٨٣﴾ جا (لەبەر ئەمە) تاڵووکەیان لێ‌مەکە، تەنیا ئێمە ئەوان (و کردەوەیان) بە وردی دەژمێرین ﴿٨٤﴾ لەو ڕۆژەدا خۆپارێزان بە تێکڕا کۆ دەکەینەوە و دەیانبەینە لای خوای بەخشەر ﴿٨٥﴾ تاوانباران بە تینوویەتی بۆ جەهەندەم خڕ دەکرێنەوە و ڕەپێچەک دەدرێن و لێ‌دەخورێن ﴿٨٦﴾ ئەوانە قەت دەسەڵاتی تکایان نییە مەگەر لای ڕەحمان (خوا) پەیمانی هەبێ (و پڕ بە دڵ شایەدی بە تاقانە بوونی خوای دابێ) ﴿٨٧﴾ ئەوانە وتووشیانە: ڕەحمان (خوا) منداڵی بۆ خۆی داناوە! ﴿٨٨﴾ بە هەقیقەت قسەیەکی ڕەق و دزێو (و قۆڕ)تان بە زارا هێناوە ﴿٨٩﴾ لەوانەیە ئاسمانەکان لەبەر ئەم قسەیە پارچە پارچە بێ و زەوی لەت بێ و کێوەکان (لە بەریەک بچن (بە هارەهار بڕووخێنە خوارێ) ﴿٩٠﴾ لەبەر ئەوەی وتیان خوا منالّی هەیە ﴿٩١﴾ بۆ خوا شیاو نییە کە منداڵ بۆ خۆی دابنێ ﴿٩٢﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدایە وەکوو عەبد دێنە لای خوای دلۆڤان ﴿٩٣﴾ سەرحیساب بە ئاگاداری ئەوانەی بە وردی ژماردووە ﴿٩٤﴾ لە ڕۆژی قیامەتدا هەموو تاک و تەنیا لای خوا حازر دەکرین ﴿٩٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، خوای دلۆڤان خۆشەویستیان دەکا ﴿٩٦﴾ جا ئێمە قورئانمان لەسەر زمانی تۆ ئاسان کرد، تەنیا لەبەر ئەمە کە مزگێنی بە خۆپارێزان بدەی و هۆزی دوژمن و سەرسەخت بترسێنی ﴿٩٧﴾ چەندین بەرەمان لەمانەیش قڕ تێخستووە، ئایا بە هیچ یەک لەوانە هەست دەکەی، نووزەی ئەوان دەبیسی (ڕکزا: نووزە، دەنگی نزم، سرتەسرت) ﴿٩٨﴾

## سوورەی تاها ١٣٥ ئایەتە

**سوورەی تەها لە مەککە هاتۆتە خوارێ بە (بسم‌الله)وە ١٣٥ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

تاها ﴿١﴾ ئێمە قورئانمان بو نەناردی کە خۆت بخەیتە بێبەختی و دەردەسەری ﴿٢﴾ تەنیا بۆ وەبیر هێنانەویە بۆ کەسانێ کە (لە خوا) ئەترسن ﴿٣﴾ (قورئان) لە لایەن بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانە بەرزەکان، ئەم قورئانە هاتۆتە خواری ﴿٤﴾ ئەو خوای بەخشەرە کە لەسەر تەختی دەسەڵاتی خۆی دامەزراوە ﴿٥﴾ هەرچی لە نێو ئاسمانەکان و زەوی و لە نێوان ئەم دووانەدایە و ئەوی لە ڕێژ خاک و نێو دڵ و دەروونی زەویدایە هەمووی هی‌خوایە ﴿٦﴾ ئەگەر دەنگت هەڵبڕی یا نا، (یا بە سرتە)، ئەو (خوا) بە ڕاز و نهێنی و پچە و تەنانەت نهێنتر لەوەیش (کە لێویش نەبزێوی) دەزانێ! ﴿٧﴾ (خوا)یەک کە بێجگە لەو خودای‌تر نییە، هەر بۆ ئەوە ناوگەلێ پیرۆز و جوان و چاک ﴿٨﴾ ئایا هەواڵی مووسات پێگەییوە؟ ﴿٩﴾ کاتێ کە ئاگری (لە دوورەوە) دی، بە خێزانی خۆی وت: ڕاوەستن و لێرە مەبزوون، ئاگرێکم دی، بەڵکوو من چلۆسک و پۆلوویەکتان لەوە بۆ بێنم، یا لە کن ئەو ئاگرەوە ڕێنوێنێک بدۆزمەوە ﴿١٠﴾ جا کاتێ هاتە لای ئاگرە کە، هەرا کرا کە ئەی مووسا! ﴿١١﴾ منم من پەروەرێنەری تۆم! پێلاوەکانت دەربێنە، تۆ لە (زەوی و) دۆڵی پیرۆزی «طوا»دای ﴿١٢﴾



Dr. Saleh Ebrahimi